


هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی مندالان
قۆناغی دووەم

# دەروونزانی پەروەردەیی


مامۆستای بابەت: نهله نورالدين


ئیمیل:
nahla.mohammad@su.edu.krd


ساڵی خوێندن: 2024 - 2023

# پێشەکی لەسەر دەروونزانی پەروەردەیی

- سەرەتای دروست بوونی دەروونزانی بەزانست و جیابوونەوەی لە فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ( 1879 ). وە زانا ( **ڤۆنت** ) یەکەم تاقیگەی دامەزراند لەشاری ( **لاییزگ** ) لە ئەڵمانیا ، تیایدا دەستی کرد بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی دیاردە دەروونیەکان کە گرنگی بە هۆشیاری ( الوعي ) دا.
- هەروەها زانای ئەمریکی ( **ولیەم جیمس** ) گرنگی بەلایەنی ( عەقلی ) مرۆڤ دەدات، بۆ ئەو مەبەستە داوای لە خەڵك دەکرد کە پرۆسە عەقڵیەکانی خۆیان شی بکەنەوە وەك : ( **هەست و سۆز وحەزو ئارەزوو و بیرکردنەوەو بیروباوەڕەکان** ).
- لەساڵی ( 1881 ) زانا ( جون واتسن ) لەئەمریکا دەستیکرد بە بەرپاکردنی شۆرشێکی نوێ لە دەروونزانیدا، ئەویش بەدامەزراندنی ( قوتابخانەی ڕەوشتایەتی ) ( المدرسة السلوكية ) بوو.



# پێشەکی لەسەر دەروونزانی پەروەردەیی

- لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆتایی سەدەی نۆزدە گرنگی دان بە جێ بەجێ کردنی بنەماکانی دەروونزانی دەستی پێ کرد لە بواری پەروەردە.
- دوای ئەوەی بریاردرا لە سالی 1888م کە زانستی دەروونزانی پەروەردەی بابەتێکی پێویستە بۆ ئامادەکردنی مامۆستا لە بواری پەروەردەدا.
- یەکەم کەس کە چەمکی دەروونزانی پەروەردەی بەکارهێنا **زانای ئەمریکی ( إدوارد لی ثورندایك ).**
- لە سیەکانی سەدەی بیستەم پێشنیازکرا کە دەروونزانی پەروەردەیی ببێتە بەشێکی سەربەخۆ لەبەشەکانی دەروونزانی و لە زانکۆو کۆلیژەکانی پەروەردە بخوێندرێت.



- **پێناسەی دەروونزانی پەروەردەیی :**

1. بوارێکە لە بوارەکانی دەروونزانی لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە لە پەروەردە جیاجیاکاندا ، و لە ڕێگەی ئەو لێکۆلینەوانە دەتوانین بنەما وچەمکە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بزانین.

2. بەشێکە لە بەشە پراکتیکەکانی دەروونزانی ،هەوڵدەدات بارودۆخە جیاجیاکانی ناو قوتابخانە و پۆل شی بکاتەوە و لە ڕووداوەکانی ناو پۆل بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری بە مامۆستا ببەخشێت تا بە باشترین شێوە پرۆسەی فێرکردنی بە سەرکەوتوویی ئە



# سوودەکانی دەروونزانی پەروەردەیی بۆ مامۆستا

١.دوورخستنەوەی هەر شتێکی نادروست لە دەوروبەری پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا، کە دروست دەبێت لە ڕێگای ووتوویژکردن و لاسايي کردنەوەو فۆلکلۆری پەروەردەیی کە لەناو کۆمەڵگادا باوە. وەهەوڵدەدات کە مامۆستا لێهاتوو بیت لە توێژینەوەی زانستی دروست کە یارمەتیدەدات بۆ تێگەیشتنی دیاردەکان و شیکردنەوەی بە ڕێگایەکی زانست.

٢.سوود وەرگرتن لە چەمك و تیۆرە دەروونیەکان لە بوارەکانی گەشە و پاڵنەرو زیرەکی و یادگە و بیرکردنەوە و چارەسەری گیروگرفتەکاندا، بۆ تێگەیشتنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن وەڕێنماي کردن .

# سوودەکانی دەروونزانی پەروەردەیی بۆ مامۆستا

٣.یارمەتیدانی ماموستا بۆ پێشبینی کردنێکی زانستیانەی رەفتاری قوتابی: ئەمەش لە کاتی لێکۆلینەوەی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندی بەسەرکەوتن هەیە لە فێرکردنی قوتابخانەدا ، وە ئەو هۆکارانەش : رێگاکانی وانەووتنەوەیە ، وە هۆیەکانی روونکردنەوە و، کەسایەتی فێرخواز و ، وە ئاستی پێگەیشتن ،و هۆکاری بۆماوەیی ، و بارودۆخی کۆمەڵایەتی.

٤.زانینی پاڵنەرەکانی رەوشتی فێرخوازان لە ژیانی قوتابخانەدا ، وە جۆنیەتی سوود وەرگرتن لە لێکۆلینەوەی ئەم پاڵنەرانە بۆ باشترکردن و وەرگرتنی فێرخواز بۆ فێرکردنی بە حەزوو و ئارەزووو لە جیاتی پەنا بردن بۆ سزادان.

# سوودەکانی دەروونزانی پەروەردەیی بۆ مامۆستا

٥.توێژینەوە لەسەر کێشەکانی دەروونی فێرخوازان دەکات وەك ئەوەی کە پەیوەندی بە دواکەوتن لە خوێندنەوە هەیە.

6.لێکۆلینەوەی جیاوازی تاکی ( الفروق الفردية) لە نێوان قوتابیاندا وەکو جیاوازی ژینگەیان و بارودۆخی گەشەکردنە کۆمەلایەتی و ئابووری فێرخوازان ، وە کاریگەری ئەم بارودۆخە لەسەر دەستکەوتی خوێندنیان.

## مامۆستا بە چەند رۆلیك هەڵدەستیت لە ناو قوتابخانە :

1. مامۆستا وەك شارەزایەکی وانەووتنەوە( المعلم كخبير تدريس):
2. مامۆستا وەك وروژێنەری پاڵنەر بۆ فێربوون ( المعلم كمثير للدافعية ):
3. مامۆستا وەك كاركێری( المعلم كاداري ):
4. مامۆستا وەك سەركردە ( المعلم كقائد ):
5. مامۆستا وەك رابەر ( المعلم كمرشد ) :
6. مامۆستا وەك نموونە( المعلم كنموذج):
7. مامۆستا وەك ئەندازیارێکي ژینگەیی (المعلم كمهندس بيئي) :

# پرۆسەی فێربوون

- فێربوون چالاکیەکی خوددیە و قوتابی بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست ببێت و خۆی لەگەڵ ژینگەکەدا بسازێنێ بە ئە نجامی دەگەیەنێت و رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکەدا هەیە .
- رۆڵی پەروەردەو فێرکردنیش ئەوەیە کە هەوڵبدرێت لە رێگەی شێواز و رێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام و ئامرازەکانی ترەوە گۆرانکاری لە رەفتاری قوتابی دا بکات .
- فێربوون وەك پرۆسەیەکی عەقلی لە میانەی شوێنەوارەکەیەوە هەست بە روودان و گۆرانکاریەکانی دەکەین.
- کەواتە ئەو گۆڕانکاریە لە کۆتایدا ببێت بە خوویەك و بەشێك لە ڕەفتارو کەسێتی مرۆڤ .



# پێناسەی فێربوون

1. بریتیە لە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتار ئەویش لە ڕێگای شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لە خۆ دەگرێت .

واتە تاك لە هەوڵ و كۆششدا دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزوو ئارەزوو ئاما نجەكانی .

2. بریتیە لە چاكسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار لەڕێگەی سەرنج دانەوە ئەو چاكسازییە هەستی پێدەكرێت .

3. بریتیە لە هەمووئەو گۆرانكاریەی كەلە ئە نجامی ورووژینەرو چالاكییە جۆرراوجۆرەكانەوە روودەدەن.



# پێناسەی فێرکردن

1- بریتیە لە پرۆسەیەکی ڕێك و پێك و بەمەبەست کە بەپێی چەند پلانێك جێبەجێ دەکرێت بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی شیاوو ویستراو لە ڕەفتاری فێرخوازدا.

2- بریتیە لە چالاکی ڕێك و پێك و پلان داڕێژراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی فێربوون،کە چالاکیەکە لەلایەن مامۆستاوە ئە نجام دەدرێت.



# مەرجەکانی فێربوون

1. پێگەیشتن.
2. راهێنان و فێربوون.
3. رێگاکانی وانە گوتنەوەو فێربوون.
4. پاداشت و هاندان و فێربوون .
5. ئامرازو تەکنەلۆژیای روونکردنەوەو فێربوون.
6. پاڵنەرەکانی فێربوون.



# مەرجەکانی فێربوون

## 1- پێگەیشتن:

پێگەیشتن و گەشەکردنی ئەندامەکانی لەش( جەستە ) مەرجی سەرەکی فێربوونە ،واتا تاوەکو ئەندامەکان لەلایەنی بایۆلۆژییەوە گەشە نەکەن، ئەوا فێربوون زەحمەت و مەحاڵ دەبێت.



# مەرجەکانی فێربوون

- ـ پێگەیشتن هاوبەشە لە نێوان هەموو جۆرە تاکێك بە گشتی، بەڵام جیاوازن لە **فێربوون**. هەموو منداڵانی جیهان بۆ نموونە دەتوانن لە تەمەنێکی دیاریکراودا بە پێ بڕۆن وە لە تەمەنێکی دیاریکراودا یاری بکات ، بەڵام هەموویان وەك یەك فێرنابن.
- گۆڕانکاریی پێگەیشتن لە **بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوە** ، بەڵام گۆڕانکاری فێربوون لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە **بۆ ژینگە**.
- فێربوون بە ویست و حەزوو ئارەزووی مرۆڤە و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە .



# مەرجەكانی فێربوون

## 2-ڕاهێنان و فێربوون :

ڕاهێنان و بە ئاكام گەیاندنی چالاكی جۆراو جۆر هۆكارێكی گرنگە بۆ فێربوون, واتە ئەو كارو چالاكیانەی راهێنانیان لەسەر دەكرێت و چەند جار دووبارە دەكرێنەوە ، ئەوا باشترو زووتر فێریان دەبین لە ئەوانەی كە دووبارە ناكرێنەوەو ڕاهێنانیان لەسەر ناكەین .

1. ڕاهێنان گرنگی هەیە بۆ جێگیركردنی بابەتی فێربوو ، بە دووبارە كردنەوەی خوێندنەوەی هۆنراوەیەك یارمەتی دەدات لەسەر جێگیر كردنی و پێگەیشتی بۆ مانەوە لە بیرەوەریەكا نمان .

2. یارمەتی دەدات لەسەر زیاتر تێگەیشتن وە روونكردنەوەو بیركردنەوە ، دووبارەكردنەوەی لەسەر ژماردن یارمەتی دەدات لەسەر تێگەیشتی پێكهاتەكانی وە پەیوەندی نێوان پێكهاتەكان.



# مەرجەکانی فێربوون

## 3- ڕێگاکانی وانەووتنەوەو فێربوون :

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فێربوون و شێوازو ڕێگاکانی وانە گوتنەوەدا هەیە ، واتە هەندێك ڕێگاو شێواز باشترو خێراتر دەبنە هۆی فێربوون و فیرخواز زیاتر سوودیان لێ وەردەگرێ .

هیچ ڕێگاو شێوازێکی وانە ووتنەوە بە تەواوی باش یان خراپ نیە ، بەڵکو هەریەکەیان باشی و خراپی خۆی هەیە ، واتە باشیەکەی ئەوەیە کە بۆ بابەت و قۆناغێك گوونجاوە بەڵام خراپیەکەی ئەوەیە کە بۆ بابەت و قۆناغ و کاتێکی تر گونجاو نیە .



# مەرجەکانی فێربوون

## 4-ئامرازو تەکنەلۆژیای روونکردنەوەو فێربوون؛

بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازەکانی روونکردنەوە (کۆمپیوتەر،کاسێت و سی دی، نەخشە، TV، ... هتد) سوودیان بۆ فێرخواز هەیە و باشتر فێردەبێت لەئەوەی ئەگەر بەکاریان نەهێنێت.

مامۆستا تا دەتوانێت با سوود لە هەستەوەرەکانی فێرخواز وەربگرێت لە رێگەیانەوە زانیاری و شارەزای یەکان بگەیەنێتە مێشکی قوتابی

.



# مەرجەکانی فێربوون

## 5- پاداشت و هاندان و فێربوون؛

پاداشت و هاندان گرنگی خۆیان لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا هەیە، واتە ئەو فێربوون و رەفتارو چالاکیانەی کە پاداشت دەکرێین،ئەوا زووتر فێریان دەبین و بە ئاسانی دێنەوە یادمان و درەنگ لەبیردەچنەوە و بەئاسانی دووبارە دەبنەوە.



## 6- پاڵنەرەکان و فێربوون:

هەرکاتێك فێرخواز پاڵنەری بۆ خوێندن هەبوو،وە حەزوو ئارەزووی لەبابەت و خوێندنەکە هەبوو، ئەوا باشتر فێردەبێت ،ئەگەر بەراوورد بکرێت بە فێرخوازێکی تر کە حەزوو ئارەزووی لە خوێندن نیە .



# ئەو هۆكارانەی كە كاریگەرییان لەسەر چالاكی فێركردن و فێربووندا هەیە



# جیاوازی نێوان فێربوون و فێرکردن

| فێرکردن | فێربوون |
|---|---|
| 1- ڕێکخستن و سازاندنی ژینگەی فێربوونە | 1- گۆڕانکاری بەردەوامە لەڕەفتاری مرۆڤ |
| 2- ئامرازوو کەرەستەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون | 2- مەبەست و ئامانجی سەرەکییە لەپرۆسەی پەروەردە |
| 3- تایبەتە بە مامۆستا | 3- تایبەتە بە فێرخواز |
| 4- هەندێکجار فێرکردن نابێتە هۆی فێربوون | 4- هەندێکجار فێربوون ڕوودەدات بەبێ فێرکردن |
| 5- فێرکردن پێوەرو ئاماژە نیە بۆ کاریگەریی و سەرکەوتنی فێربوون | 5- فێربوون پێوەرو نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنە |
| 6- فێرکردن بریتیە لە پرۆسەی ڕێکخستنی شارەزایی و ڕووداوەکان لە ژینگەی فێربووندا. | 6- بریتیە لە پرۆسەی کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵ ڕووداووشارەزایی و ورووژێنەرەکانی ژینگەو جیهانی دەرەوە . |
| 7- کارو چالاکییەکی دەرەکیە لە ژینگەو دەوروبەرەوە بۆ فێرخواز. | 7- فێربوون ڕووداوو ڕەفتاری ناوەوەی مرۆڤە و پەیوەستە بە فێرخوازەوە |

# فاكتەرەكانی فێربوون :

## 1- پێگەیشتوویی :

واتە سەرجەم ئەو گۆرانكاریانەی كە بەسەر دیاردە جەستەیەكانی تاكەكەسدا دێ مەحكومە بە پلان ریژییەكی جینی بۆ ماوەیی كە فاكتەرە ژینگەیەكان هیچ كاریگەریان بەسەر نیە ، ئاماژەیە تەواوەتی پێگەیشتنی ئەندام و دەزگا جەستەییە هەمەجۆرەكانی وەكو ماسولكەی گەورەو وورد و دەزگا هەستەوەری و دەمارییەكان .....

ئەو گۆرانكاریانەی زادەی پێگەیشتنن پشت بە پلانریژییەكی بۆماوەیی تایبەت بە تاكەكەس دەبەستن ، بەشێوەیەك و پیویستی بە ئەزموون و راهێنان نیە بۆ روودان وپێشكەوتنیان .

# 2- ئامادەباشی

ئامازەیە بەو حالەتەی کەتیادا تاکەکەس دەتوانی فێری ئەرکێك یان ئەزمونێك ببێ.زۆربەی جار ئامادەباشی پەیوەستە بە فاکتەری پێگەیشتنەوە ، فاکتەری پێگەیشتنی تاکەکەس ئەو توانست و لیهاتویانە بە تاك دەبەخشێ کە ئامادەباشیان دەکا بۆ فێربوونی ئەزمونێك یا بەدەسهێنانی لیهاتوویەك.

*** ئامادەباشی دوو جۆری هەیە :

**ئامادەباشی گشتی** : ئامادەباشی تاکەکەسە بۆئەوەی فێری توانستی ئەکادیمی وەکو خوێندن و نووسین ببێ.

**ئامادەباشی تاییەت** : توانستێکی دیاریکراوی تاییەت بۆ فێربوونی ئەرکێکی دیاریکراو .

# 3- پاڵنەر :

بارێکی ناوەکییە و رەفتارێك لای تاکەکەس دەروژێنێ و پاشان ئەو رەفتارە ئاراستە دەکا و بەردەوامیەتی دەپارێزێ .

**پالنەر لە فێربووندا رۆلی تایبەتی خۆی هەیە و لەو رووەشەوە سێ ئەرکی سەرەکی هەڵدەسەرێنێ کە بریتین لە :

1- بەرهەمهێنان و بزواندنی رەفتار .

2- ئاراستەکردنی رەفتار بەرەو ئاما نجێك .

3- پاراستنی بەردەوامیەتی و درێژەدانی رەفتار .

# تیۆرەکانی فێربوون و پۆلینکردنیان


# تیۆرەکانی فێربوون

بریتیە لە هەوڵ و کۆششێکی ڕێکخراو بۆ پێکهێنان و دروست بوونی زانیاری دەربارەی ڕەفتاری مرۆڤەکان و ڕێکخستنیان و کۆکردنەوەیان بەرامبەر بە ڕاستی و پرێنسیپ و یاساکان .

یان

ڕێگایەکن بۆ ڕێکخستن و توێژینەوەی هەندێك لەگۆڕاوەکانی فێربوون، کەبەهۆیەوە مامۆستایان تاقیکردنەوەو تایبەتمەندیەکانی کرداری وانەوتنەوە لەماوەی وەرزی خوێندن جێبەجێ دەکەن .

# ئامانج لەم بابەتە



- ✓ ناساندنی ئیڤان باڤلۆڤ
- ✓ تاقیکردنەوەکەی
- ✓ چەمکە سەرەکیەکان
- ✓ یاساکان
- ✓ سوودە پەروەردەیکان



# ئیڤان باڤلۆڤ

* ناوی تەواوی ( ئیڤان بتروفیتس باڤلوڤ ) .

- لە سالی 1849 لە روسیا لەدایك بووە ، لە 1936 کۆچی دوای کردووە .

* گرنگی بە لێکولینەوەی لەکۆ ئەندامی هەرسکردن داوە.

* دەستی بە خوێندنی پزیشکی کردوە لە زانکۆی ( قەدیس بوترس )

*وەك بەرێوبەرێك لە تاقیگە یاخود کارگەی فسیولوژی کاری دەکرد لە پە یمانگای پزیشکی ئەزمونی لە زانکۆی قەدیس بوترس.

**ناوەکانی ئەم تیۆرە :** <u>وەلامدانەوەی مەرجدار</u> یان <u>مەرجی پاڤلوڤی</u> <u>فێربوونی کاردانەوەیی</u> یان <u>مەرجایەتی کلاسیکی</u> یان <u>پەیوەستی مەرجایەتی</u> .